## بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان

ڕاپۆڕتی دڵتەزێنی ڕێکخراوەی "لێبووردنی نێونەتەوەیی" سەبارەت بە بارودۆخی کوردی ئێران ڕۆژی ٢٠٠٨/٠٧/٣٠ بڵاوکرایەوە. گەرچی ڕاپۆڕتەکە یەک لە هەزاری ئەو کارەساتانەی ڕانەگەیاندوە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تووشیان هاتوە و دێت ، دیسانە کە خوێنەر بەو هەموو سووکایەتی و زوڵم و زۆرەی لە کورد دەکرێت و ئەو هەوڵانەی کۆماری ئیسلامی بۆ دواکەوتوو ڕاگرتنی کوردستان دەیدات، پشتی دەلەرزێت. بەتایبەت ڕەنج نامەی فەرزاد (سیامەند)ی کەمانگەر، کە هەر دێڕێکی تراجیدیایەکی گەورەیە و ڕادەی ڕق و کینی دوژمنان و داگیرکەرانی خاکی کورد لە گەلەکەمان و ڕۆڵەکانی نیشان دەدات.

ڕاپۆڕتەکە زیاتر باسی ئەو جینایەتانە دەکات کە ڕژیم لە سنە و کرماشان و مەهاباد لەگەڵ میللەتەکەمانی دەکات، بەڵام باسی بۆکانیش لە یەک شوێندا کراوە: سمکۆ قادرپوور (زیندانییەکی سیاسی بۆکان) لاپەڕە ٦.

ئەوەی لە پەیوەندی ئەم زنجیرە وتارەدا پێویست بە گوتن بێت ئەوەیە نووسەرانی دواڕۆژی مێژووی سیاسی – کۆمەڵایەتی بۆکان گەلێک پێویستە بە بەڵگەنامەکانی "لێبووردنی نێونەتەوەیی"، "چاوەدێری مافی مرۆڤ – بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، "نەتەوە یەکگرتووەکان"، "لێژنەی پەنابەرانی نەتەوەیەکگرتووەکان" و ڕێکخراوە دەستەخوشکەکانیان هەروەها ڕێکخراوە "سەوز" و ژینگە پارێزەکاندا بچنەوە و بۆ بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکان بگەڕێن.

تایبەتمەندییەکانی ڕاپۆڕتەکەی ئەم دواییەی لێبووردنی نێونەتەوەیی بە شێوەی خوارەوەیە:

*" ئێران: دەستدرێژی بۆ سەر مافی مرۆڤی کەمایەتی کورد"، چاپەمەنی لێبووردنی نێونەتەوەیی،٢٠٠٨ ، کە هەر لە سایتی بۆکان – ڕۆژهەڵاتدا بڵاو بۆتەوە.*

